# فەرمانی پێبکەن بۆئەوەی قسە بکات، وسێبەرێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وبا دابنیشێت، وڕۆژووەکەی تەواو بکات

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دەدا؛ پیاوێکی بینی کە وەستا بوو، ووتیان: ئەمە ئەبو ئیسرائیلە نەزری کردووە بەوەی کە لە ژێر خۆر بوەستێـت ودانەنیشێت، وخۆی لە سێبەر دوور بکاتەوە، وقسە نەکات، وڕۆژوو بگرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «فەرمانی پێبکەن بۆئەوەی قسە بکات، وسێبەرێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ودابنیشێت، وڕۆژووەکەی تەواو بکات».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەم هاوەڵە نەزری کردبوو بەوەی واز لە قسەکردن وخواردن وخواردنەوە بهێنێت (ڕۆژوو بگرێت) ولە ژێر خۆردا بوەستێت ولە ژێر سێبەر دانەنیشێت، ئەمیش ئازاردانی نەفسی تێدایە ونەزرێکی حەرامکراوە لە شەریعەتدا بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکرد لەسەر ئەم کردەوانەی، بەڵام فەرمانی پێیکرد بەوەی ڕۆژووەکەی تەواو بکات چونکە پەرستنێکی ڕێگەپێدراو ودروستە لە شەریعەتدا، بۆیە ئەگەر نەزرێک بۆ ئەنجامدانی لەسەر پەرستنێکی ڕێگەپێدراو بێت لە شەریعەتدا ئەوا دەبێت جێبەجێی بکات، بەڵام ئەگەر نەزرەکە بۆ کردنی کردەوەیەک بێت کە ڕێگەپێدراو نەبێت لە شەریعەتدا ئەوا نابێت جێبەجێی بکات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5835

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee